# سەری ساڵ و بڕێک وردەسەرنج

ئەمجەد شاکەلی

خۆراوا بە هۆی پێشکەوتنێکی تەکنۆلۆژی و ئابووری و دەسەلاتێکەوە، کە هەیەتی، لەوە دەرچووە، کە تەنێ وەک چەند وڵاتێک لێی بنۆڕدرێت. خۆراوا، ئەمڕۆ، لافاوێکی فەرهەنگییە و ئەوەی دێتە ڕێی، بە شەپۆلی توند و بەهێزی خۆی ڕایدەماڵێت و لوولی دەدات و دەیپێچێتەوە و ئاوەودیوی دەکات. خۆراوا، ئەمڕۆ، ئەوەی دێتە ڕێی، لە فلتەری خۆی دەدات و کلک و گوێی دەکات و پەڕ و باڵی دەکات و ئەودەمی و دوای خۆراوایاندنی دەیکاتەوە بە گەرووی هەموو جیهاندا و دەرخواردی مێشکی هەموو مرۆڤایەتیی دەداتەوە. خۆراوا، زۆر لە مێژە، کار بۆ ئەوە دەکات، عیسای پەیامبەر، لە پیاوێکی گەنمڕەنگی، ئەسمەری، پتر بە لای ڕەشتاڵەییدا چووی، پرچڕەشی، لات و پێخاوس و هەژاری، جوولەکەی فلستینئشینی، خۆرهەلاتیی، بکاتە کەسێکی پرچزەردی، چاوشینی، سووروسپی و پێستسپی ئەورووپایی ئاسا و خۆراوایی، زۆر چاکیش لەو کارەیدا سەرکەوتووە. ئێستا ئیدی، کە عیسا بوو بە خۆراوایی، زۆر بە ئاسانی، خۆراوا دەتوانێت، وەک هەناردەیەکی کالاآئاسا، لەگەڵ هەموو هەنگاوێکیدا، بەرەو هەموو شوێنێکی جیهان و لەگەڵ هەموو وردەواڵەیەکی تەکنۆلۆژیایی و هەموو چالاکییەکی ئابووری و هەموو کالایەکی بازرگانی و هەموو ئامێر و ئامرازێکی ژیان و هەموو چەمکێکی فەرهەنگیدا، عیسایەتیشی تێکەڵ کات، و کەرتە عیسایەکی، لەگەڵدا بنێرێت و هەوڵی عیسایاندنی، هەرچی کون و قوژبنێکی جیهانە بدات. ئێستا ئەو بەزم و خۆ ئامادەکردن و ڕازاندنەوە و چالاکییانەی، لە هەر وڵاتێکی عیسایی ئاییندا، بە بۆنەی لەدایکبوونی عیسا و هاتنی سەری ساڵی عیساییەوە، ساز دەکرێن، خەریکن هەموو جیهان دەتەنەوە و هەر لە خۆڕا و بێ هیچ بیرکردنەوە و خوێندنەوەیەک، هەموو جیهان دەیانکەنە جەژن و شایی و ئاهەنگگێران. ئاهەنگگێڕانی سەری ساڵی عیسایی، کە پەیوەستە بە لەدایکبوونی عیساوە و بەشێکە لە ئایینی عیسایی، ئێستا وا چین و ژاپۆن و مالاییزیا و هیندوستان و ئەمەریکای خوارو و ئەفریقا و ئاسیا و تەنانەت کوردیشی، گرتووەتەوە. کورد، بە تایبەت نەوەی ئەمڕۆ، کە دەیدوێنێت، خۆی بە موسوڵمان نازانێت و خۆی بە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەو دەزانێت و باسی زەردەشتایەتی و ئێزدیایەتی و ئەوانەت بۆ دەکات و هەوڵدەدات، خۆی لە بازنە و قەفەزی ئیسلامەتییە بهێنێتە دەر و دەرباز بکات و باس لە نەورۆز و ساڵی کوردی دەکات، کەچی شایی و بەزم و خۆبادان و کەیف و خۆشییەک، لە سەری ساڵی عیساییدا دەیکات، هەرگیز لە نەورۆزدا نایکات. کورد، ئەگەر وەک نەتەوە و گەلێکیش تەماشای بکەیت، پڕانی خەڵکەکەی موسوڵمانن، لێ نە لە سەر ساڵی کۆچیدا(هجري)، کە ساڵی موسوڵمانانە، و نە لە لەدایکبوونی پەیامبەر(موحەممەد)دا، کە پەیامبەری موسوڵمانانە، هەرگیز ئەو بەزم و هەرایەی، کە لە سەری ساڵیی زایینیدا دەیکات، لەوەی خۆیدا نایکات. خۆ ئەگەر وەک ئێزدی و یارسانیش بنۆڕیتە کورد، یا بەشێک لە کورد، ئەوا هەرگیز لەو بۆنە ئایینییانەی، کە پێوەندیان بەو دوو ئایینەوە هەیە و ئەو دوو ئایینەش دوو ئایینی کوردن، ئەو بەزمەی، کە بۆ ساڵی عیسایی دەیکات، بۆ ئەوانەی ناکات. لە سەری ساڵی عیساییدا، هێندەی کورد، پیرۆزبایی لە یەکدی دەکەن، بە تەلەفۆن، ناردنی کارت، ئیمەیل، نامە، سەردان و... یەک لە سەر سەدی ئەوە، لە سەری ساڵی کۆچی و جەژنی نەورۆز و لەدایکبوونی پەیامبەر و بۆنەی ئێزدی و یارساناندا، ناکەن. نەک هەر ئەوەش، بەڵکە پڕانیی کورد، هەر ناشزانن، کەنگێ سەری ساڵی کۆچییە و کەنگێ ڕۆژی لەدایکبوونی پەیامبەرە!. زۆرجاران مرۆڤ گوێی لە وەها بانگاشەیەک دەبێت، کە کورد چی

داوە، لەو یادانە(سەری ساڵی کۆچی و لەدایکبوونی پەیامبەر موحەممەد)، بە بیانووی ئەوەی، کە ئەوانە هی عەرەبن و کورد بۆ خۆی شتێکی تایبەتە و ئایینی خۆی هەیە. کە دێیتە سەر ئایینەکەی خۆیشی، ئەگەر مەبەست ئێزدیایەتی و یارسان بێت، ئەوا لە بارەی ئەوانەشەوە، هیچ نازانێت. ئەوەی، کە لە تەلەڤزیۆنەکانی کوردستانەوە پێشان دەدرێن، جەژن و شایی و ئاهەنگگێڕان و ڕازاندنەوەی جادە و کۆڵان و پیاسەی سەر جادان و دانانی چراخان و تەقاندنەوەی فیشەکەشێتە و سازکردنی کۆنسێرت و گۆڕینەوەی پیرۆزبایی و خواردنەوە و ...گەلێک لەو بەزمانەی، کە لە ئەوروپا دەکرێن، ئەوانەی کوردستان، زیاترن و پتر گرنگییان پێدەدرێن و گەلێک زێدەڕۆییشیان تێدا دەکرێن. هەڵەیەکی یەکجار زەق و لەبەرچاویش، کە  لە کوردستان دەیکەن و هەرگیز بیری لێ ناکەنەوە ئەوەیە، ئەوان لەوێ دوو شت تێکەڵ دەکەن، لەدایکبوونی عیسا، لەگەڵ سەری ساڵی زایینیدا. دانانی دارەکاژەکە و هاتنی ئەو شتەی، کە لە کوردستان پێی دەڵێن"بابانۆئێل"، هەردووکیان پێوەندیان بە لەدایکبوونی عیساوە هەیە و هیچ پێوەندیان بە سەری ساڵەوە نییە. بابانۆئێلەکە، شەوی 24 لە سەر 25ی مانگی 12 دێت، و دیاری بە سەر هەموو ئەندامانی خێزانەکەدا، دابەش دەکات. هەرچی دارکاژەکەیشە چەند ڕۆژێک، پێش ئەو مێژووە دادەنرێت و بە وردەواڵە و تەتکەولەرزانە و چرای ڕەنگاوڕەنگ و پەڕۆ و وردە شتی دیکە، دەرازێنرێتەوە و پاکەتی پێچراوە و داخراو و ئامادەکراوی دیارییەکانی، لە بندا دادەنێن و شەوی لەدایکبوونی عیسا و هاتنی بابانۆئێل، دابەش دەکرێن. تەواوی ئەوانە، جەژن و ئاهەنگگێڕانێکی ئایینین و پێوەندیان بە ئایینی عیساییەوە هەیە. کەسێک، کە عیسایی نەبێت و سەر بەو ئایینە نەبێت، چ پێویست دەکات، ئەو جەژنە بکات. ئەو جەژنەش لەگەڵ سەری ساڵدا، دوو شتی جیاوازن و ئەوانە پێوەندیان بە سەری ساڵ و ئاهەنگی سەری ساڵەوە نییە. مەبەستم ئەوەیە ئاهەنگی سەری ساڵ، نە دارەکاژەکەی تێدایە و نە بابانۆئێلەکەیشی تێدایە. لە کوردستان ئەو بەزم و ئاهەنگگێڕان و شاییە، بە شێوەیەکی هەڵە، ئەنجام دەدرێت. هەرچی ئاهەنگی سەری ساڵەکەیشە، کە ئێستا و بە کاریگەری خۆراوا و ئەوروپا و ئەمەریکا و بە زۆر و زۆردارەکی و بە نێوی ساڵی نوێ و پێشکەوتن و هاوچەرخی و جیهانگەری و سەدان نێوی دیکەوە، وا خەریکە، بە سەر هەموو جیهاندا دەسەپێنرێت. ئەوەی من تێیناگەم و پێم سەیرە، ئەوەیە، کورد چی داوە لەو بەزمە؟ ئایا ئەگەر سەری ساڵ ئاهەنگ نەگێڕێت، بە دواکەوتوو و کۆنەپەرست دەژمێردرێت؟ ئەی ئەو هەموو پارەیە، لە وڵاتێکی هەژاری وەک کوردستان، بۆ لە بەزمێکی وەهادا سەرف دەکرێت و بۆ کارێکی پێناکرێت، کە قازانجی بۆ پێشخستنی وڵات و بووژانەوە و ژیانی هەژارانی کوردستانەوە هەبێت؟ دەبێ چەندی پارە بۆ پەخشکردنەوەی ئەو ئاهەنگگێڕانەی  سەری ساڵ و پێشاندانی پیاسەی خەڵک و دانیشتنی سەر مێز و ئەوانە، لە تەلەڤزیۆنەکانی کوردستانەوە سەرف بکرێت؟ ئایا ئاهەنگگێڕانی سەری ساڵ و بابانۆئێل و دارکاژەکە، بەشێکن لە فەرهەنگی کورد؟ ئەگەر وەڵامەکە "نا" بێت، ئەی کەواتە فەرهەنگی کورد چییە؟ ئەگەر فەرهەنگی کورد، هەر هەمان فەرهەنگە ڕۆژهەڵاتییە ئیسلامییە عەرەبییە فارسییە تورکییە ئێزدییە یارسانییەکەیە، کەواتە بابانۆئێل و دارکاژ و ئاهەنگگێڕانی سەری ساڵی زایینی، هیچ پێوەندێکیان بە کورد و فەرهەنگی کوردەوە نییە، کەوایە، ئیدی بۆ کورد دەیکاتە جەژن و شایی و بەزم؟ ئەگەر عەرەباندن و تورکاندن و فارساندن، دژوارترین کێشە و مەترسیگەلێک بووبن، کە کوردستان و خەڵکی کورد، تا ئێستا، دووچاری بووبن و بە تۆبزی بە سەر خەڵکی کورددا سەپێنرابن، ئەوا پرۆسەی عیسایاندن و ڕۆژاوایاندن، لەگەڵ بزە و پێکەنین و مووزیکی بێچێژ و فەرهەنگی چەواشەکار و سووکایەتیکردن بە ژن و بێبەهاکردنی شتگەلی خۆماڵیدا، دەرخواردی کورد و ڕۆژهەڵات دەدرێت و هەرگیز دژوارییەکی لەوانە(عەرەباندن و تورکاندن و فارساندن)یش کەمتر نین! خۆهەڵواسین  بە هەموو شت و دیاردەیەکی ئەوروپایی و لاساییکردنەوەیەکی

کوێرانەی هەرچییەک لە خۆراواوە دێت، بێ لێوردبوونەوە و بیرکردنەوە و خوێندنەوەیەکی وردی ڕەخنەگرانە، ئەگەر تاکە یەک شت پێشان بدات، ئەوا لە باشترین حاڵدا، لاوازی و بیرکۆڵی و تەنکیی فەرهەنگیی دەگەیەنێت و هیچی دی، دەنا بێفەرهەنگییەکە لەو گۆڕەی.

2004/1/1